# بەکتریای هێلیکۆباکتێر لە بەردی زراویشدا دۆزرایەوە

رۆژی 30 ی مانگی نۆڤەمبەری 2005 لەو پیشانگا گەورەیەی ساڵانە لە سوێد لەمەڕ دەرمان و توێژینەوەی پزیشکی دەکرێتەوە کۆمەڵێك توێژیاری زانکۆی لینشۆپین ی سوێد ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێ یان پێشکەش کرد کە تا ئەمڕۆ بڵاویان نەکردۆتەوە .
بە پێی ئەو توێژینەوەیە ئەوان بەردی زراوی 133 نەخۆشیان کۆنترۆڵکردوە و DNA سەر بە بەکتریای هێلیکۆباکتێریان تیادا دۆزراوەتەوە .

بەڵام Dr. Joar Svanvik و هاوەڵەکانی پێیان وایە کە هەرچەندە ئەو نەخۆشانەی ئەم بەکتریایەیان لە سەربرینی سەر نێوپۆشی گەدەو ریخۆڵەیانداهەیە تووشی شێرپەنجەی گەدە دەبن بەڵام بەکتریای هێلیکۆباکتێر دروستکردنی بەردی زراو ئاسان دەکات .
هەر لەو توێژینەوەیەدا توێژیاران 3 نەخۆشیان دەستنیشانکردوە کە تووشی شێرپەنجەی میزەڵدان بوون و هاوکات DNA ی بەکتریای نێوبراویشیان تیادا دەستنیشانکراوە .
ئەم توێژینەوە ئەو راستییە دەخاتە روو گەر بێت و هێلیکۆباکتێر رۆڵی لە دروستکردنی بەردی زراودا هەبێت ئەوا چارەسەرکردنی ئەم بارە ئاسانتر دەبێت لەبەرئەوەی دەرمانی لەبار دژی بەکتریای نێوبراو هەیە و ئەنجامی باشی داوە بەدەستەوە .
سەرچاوە

1.www.dagensmedicin.se © 0512.01